Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2023-2024
Vol. IX, No. 2, Series 16

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۲
سال ۹، شماره ۲، پیاپی ۱۶

# شیکاریی شیعری کوردیی منداڵان
# (منداڵ و ژینگه و هۆنراوەی ژینگەیی وەک نموونە)

**ئارش مێهرەبان** (نویسندهٔ مسئول)
خوێندکاری ماستەری زمان و وێژەی فارسی
arashmehraban.lite@gmail.com
**سەید ئەسعەد شێخ ئەحمەدی**
پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی زمان و ئەدەبی فارسی، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران
asaad1385@yahoo.com

**وتاری توێژینەوەیی**

کاتی وەرگری: ۹ی جۆزەردانی ۱۴۰۲،کاتی پەژێران: ۵ی سەرماوەزی ۱۴۰۲؛ صص. ۳۹۱-۳۶۷

DOI: https://doi.org/10.22034/jokl.2024.63039

## چکیده

در سده‌های قبل، کودک و گفتمان کودکی در دنیای ادبی اهمیت چندانی نداشت؛ اما در این دورهٔ زمانی، کودک به عنوان شخصیتی حساس و مهم شناخته شده است. در این میان ادبیات کودک به مثابهٔ یکی از بنیان‌های مهمی که سبب ارتباط بیشتر کودک با دنیای اطراف خود و با لذت و رغبتی کودکانه ترکیب شده است، بیشتر از قبل مورد اهمیت قرار گرفته است. در ادبیات کودک شعر دارای جایگاه ویژه‌ای است؛ به دلیل این‌که ویژگی‌ها و معیارهای خاص خود را می‌طلبد، نگارش آن هم حساسیت ویژه‌ای دارد. در این پژوهش، بحث مفهوم کودکی و مراحل آن و تحلیل معیارهای شعری کودک، بر اساس دو مجموعهٔ شعری به نام‌های کودک و طبیعت و اشعار زیست محیطی، مورد بحث و بررسی قرار گرفته است. روش انجام این پژوهش، توصیفی-تحیلی می‌باشد. در این پژوهش، ویژگی‌های شعری دو اثر نامبرده، بر اساس معیارهای شعری کودکان، بررسی شده‌اند. نتایج حاصل از این پژوهش نشان می‌دهد این اشعار با توجه به رغبت و جهانبینی کودکانه نوشته نشده‌اند و بیشتر حاوی ترکیب و مفاهیمی بزرگسالانه‌اند بر

## کورتە

بە پێچەوانەی سەدەکانی ڕابردوو کە بایەخێکی ئەوتۆ بە منداڵ و گوتاری منداڵانە نەدرابوو، ئەمڕۆکە منداڵ وەک کەسایەتییەکی هەستیار و گرینگ ناسراوە. لەم نێوەدا ئەدەبی منداڵان وەک یەکێک لەو بەستێنانەی کە هۆی پێوەندیی زیاتری منداڵ لەگەڵ دنیای دەوروبەریدا و ئاوێتەبوونی لەگەڵ حەز و خواستێکی منداڵانەیە، زۆر زیاتر لە پێشوو بایەخی پێدەدرێت. لە ئەدەبی منداڵاندا شیعر ڕۆڵ و پێگەیەکی تایبەتی هەیە و بەهۆی ئەوەی شیعری منداڵان هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیەتی، نووسینی هەستیارییەکی بەرچاوی دەوێت. لەم توێژینەوەیەدا دوای تاوتوێی چەمکی منداڵ و قۆناغەکانی منداڵی، دوو بەرهەمی تایبەت بە منداڵان بە ناوەکانی منداڵ و ژینگە و هۆنراوەی ژینگەیی بەپێی پێوەرەکانی ئەدەبی منداڵان خوێندنەوەیان بۆکراوە. شێوازی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە وەسفی– شیکارییە. لەم توێژینەوەیەدا وێڕای شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی شیعری منداڵان لە دوو بەرهەمی دەستنیشانکراو، لێکدانەوەی گشتی بۆ ناوەڕۆکی شیعرەکان کراوە. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریدەخەن ئەم شیعرانە بەپێی

متن شعرها تحمیل شده‌اند. نبود زبان شعری کودکانه در متون، عدم خیال کودکانه، وجود عناصری از نشانه‌های غیرملموس و کنایات و به کارگیری زبانی بزرگسالانه و نصیحت‌های مستقیم در آنها نتیجه تحلیل و بررسی این دو مجموعۀ شعری است که در کُردستان عراق چاپ شده‌اند.

**واژگان کلیدی:** کودک؛ ادبیات کودک؛ شعر کودکان؛ کودک و طبیعت؛ اشعار زیست محیطی.

حەز و خواستی منداڵانە نەنووسراون و زیاتر تێکەڵبوونی چەمکەکانی گەورەساڵان کە بەسەر دەقێکی منداڵانەدا سەپێندراون، دەرکەوتووە. لەبەرچاونەگرتنی شێوازی هۆنینەوەی شیعریی منداڵان، نەبوونی چەمکی خەیاڵ و وێنەی خەیاڵی تایبەت بە منداڵ، بوونی کۆمەڵێک هێما، خوازە و درکەی تایبەت بە شیعری گەورەساڵان و دەرکەوتنی لایەنی ئامۆژگاری شیعرەکان، ئاکامی هەڵسەنگاندن و شیکاریی ئەو دوو بەرهەمە شیعرییەیە کە لە باشووری کوردستانی چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

**وشەگەلی سەرەکی:** منداڵ؛ ئەدەبی منداڵان؛ شیعری منداڵان؛ منداڵ و ژینگە؛ هۆنراوەی ژینگەیی.

## ۱- پێشەکی

ئەدەبی منداڵان ئەو کۆمەڵە دەقانەن کە گەورەساڵان بەرهەمیان دەهێنن. کۆمەڵە دەقێک کە بەردەنگەکانیان مرۆڤگەلێکی کەم تەمەنن و ئاستی توانست، بیرکردنەوە و فام و ئاوەزیان سنووردارە و هاوکات تەژییە لە خەیاڵ، فانتێزیا و هەست و سۆزێکی منداڵانە. بەشێک لەم ئەدەبە لە ژێر کاریگەری و چوارچێوەیەکی گەورەساڵانەدا بەرهەم دێت و کەوتووەتە ژێر ڕکێفی فام و ئاوەزێکی گەورەساڵانەوە و کەمتر منداڵانەیە. بەم پێیە دەبینین ئەدەبی منداڵان، تەنیا وشەی منداڵانەکەی تایبەت بەو چینەیە و بەردەنگی منداڵ لەم ئەدەبەدا بزرە. بەم پێیە دەبینین ڕۆژانە بەرهەمانێکی زۆری تایبەت بە منداڵان چاپ و بڵاو دەکرێنەوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆکار و ڕێخۆشکەرێک بۆ بڵاوبوونەوەی بەرهەمی لاواز و ئەو بیرۆکە سەقەتەی کە چون بەردەنگی ئێمە منداڵانن، کەواتە ئەرکێکی گرینگ نییە و دەتوانین بنووسین. هەر بۆیە لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە ئەدەبی منداڵان چییە و چی بۆ کراوە؟ سەبارەت بەم ژانرە کۆمەڵێک پێناسە و واتای جۆراوجۆر هاتووەتە ئاراوە کە لێرەدا بە هەندێکیان ئاماژە دەکەین.

گومـان لـەوەدا نییـە کۆمەڵێـک شـێوازی جۆراوجـۆر بـۆ پێناسـەی ئەدەبـی منـداڵان هەیـە و دەبێـت ئەوەشـمان لەبەرچـاو بێـت کـە ئـەم پێناسـانە لـە هـەر فەرهەنگێکـەوە بـۆ فەرهەنگێکـی دیکـە و لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دیکـە جیاوازیـی هەیـە و بگـرە لـە خوێنەرێکیشـەوە بـۆ خوێنەرێـک جیـاوازە ((Huck, 1997: 5. دەسـتەواژەی «ئەدەبـی منـداڵان» لـە دەرەوەی کەشـی ئەکادێمیکـدا، بـە شـێوازێکی بەریـن و بـێ هیـچ باسـێکی تیـۆری، واتایەکـی ڕۆژانـەی هەیـە. لـە ڕۆژنامـە و میدیاکانـی دیکـەوە تـا قوتابخانـە و نامـە دەوڵەتییـەکان، هەموویـان لەسـەر ئـەم باسـە هـاوڕان کـە ئـەم جـۆرە ئەدەبـە بـەو دەقانـە دەوترێـت کـە نـووسراون تـا لـە لایـەن منـداڵان و مێرمنداڵانـەوە بخوێنرێنـەوە؛ ئـەو نووسراوانـەی وەشـانگەکانی تایبـەت بـە منـداڵان و مێرمنـداڵان لـە کتێـب فرۆشـییەکاندا بڵاویـان دەکەنـەوە (کیمبرلـی، ١٣٩٣: ١٧). ئەدەبـی منـداڵان و مێرمنـداڵان کۆمەڵـە بەرهەمێکـن کـە بەپێـی زەوق و گەشـەی منـداڵان لـە لایـەن گەورەسـاڵانەوە دێتـە بەرهـەم کـە بریتیـن لـە: چیرۆک، ئەفسـانە، شـیعر و مەتـەڵ بۆ منـداڵان کـە هەوڵێکـی هونەرمەندانەیـە لـە چوارچێـوەی کەلامـدا، کـە بـە زمـان و شـێوازێکی شـیاو کـە لـە ئاسـتی فـام و تێگەیسـتنی منداڵانـدا بێـت، بەرهـەم دێـن (ابراهیمـی و همـکاران، ١٣٨٩: ٣٧).

لـەم چەنـد پێناسـەیەدا چەمکێـک کـە زاڵـە و خـۆی پیشـان دەدات، چەمکـی منـداڵ و بوونـی گوتارێکـی منداڵانەیـە کـە سـەرجەم ئـەو بـاس و بابەتانـەی کە لە نـاو بازنـەی ئەدەبـی منداڵاندایە بەرەو لای خـۆی ڕادەکێشـێت و دەبێتە هۆکارێک بـۆ دروسـتبوون و خوڵقاندنـی هـەر جـۆرە بەرهەمێکـی منداڵانـە. کەواتـە لـەم وتـارەدا بـە پشتبەسـتن بـە گوتـاری منـداڵان و ئـەو گرینگییـەی کـە چەمکـی منداڵـی لـەم قۆناغـی هاوچەرخـەدا هەیەتـی، دوای هاتنەئـارای کۆمەڵێـک پـرس و بابەتـی پێوەندیـدار بـە ئەدەبـی منداڵانـەوە، وەکـوو سـایکۆلۆژییە دەروونـی و عاتیفییەکانـی منـداڵ و پـرس و بابەتـی تایبـەت بـە پـەروەردەی منـداڵ، هـاوکات هاتنەئـارای کۆمەڵێـک بۆچوونـی نـوێ لـەم بوارانـەدا لـە لایـەن کەسـانێک وەک پیـاژە[1] ، ڕۆسـۆ[2] فرۆیـد[3] ،پستالۆسـی[4] و هتـد، بـە گشـتی، پێدانـی بایەخـی زیاتر

1. Jean Piaget.

2. Roso

3. Freud

4. Johann Heinrich Pestalozzi.

بە منداڵان لە لایەن بنەماڵە و لایەنی پەروەردەیی و بارهێنان بە مەبەستی ناسین و باس‌کردنی زیاتری ئەدەبی منداڵان و لە دڵی ئەم ئەدەبەدا شی‌کردنەوەی یەکێک لە ژانرەکانی (شیعر) کۆمەڵێک پرسیار دێنینە ئاراوە کە هەوڵ دەدەین وەڵامیان بدەینەوە:

۱. منداڵ وەکوو بەردەنگێک کێیە و تایبەتمەندییەکانی چین؟

۲. شیعری منداڵان چۆن پێناسە دەکرێت و تایبەتمەندییەکانی کامانەن؟

۳. ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی شیعری منداڵان لە نێوان ئەزموونی دوو شاعیری بواری منداڵان بە پشت‌بەستن بە دوو بەرهەمی بڵاوکراوە لەو دوو نووسەرە تا چ ڕادەیەک بووە؟

دەستپێکی گرینگیدان بە چەمکی منداڵ و بەردەنگی منداڵ و هاوکات شیعری منداڵانە، دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ۳۰۰ ساڵ پێش ئێستا کە ئەحمەدی خانی (۱۶۵۰-۱۷۰٦) بە نووسینی کتێبی *نووبەهارا بچووکا* کە فەرهەنگێکی عەرەبی- کوردیی تایبەت بە منداڵانە، یەکەم ڕچەی گرینگیدان بە چەمکی منداڵی لە چوارچێوەی نووسراوەدا شکاند. دوای تێپەڕبوونی نزیک بە ۱۰۰ ساڵ بەسەر دانانی ئەم فەرهەنگەدا، شێخ مارفی *نۆدێی (۱۷۵۳-۱۸۳۸) دووهەمین فەرهەنگی تایبەت بە منداڵانی بە ناوی ئەحمەدی* نووسی کە ئەم فەرهەنگەش عەرەبی- کوردییە و بە شێوەزاری کوردیی کورمانجی خواروو [کورمانجیی ناوەڕاست] و بە شێوازی هۆنراوە نووسراوەتەوە (فەرهادی، ۲۰۱۰: ۹۸). مەلا خدری ڕواری (۱۷۸۱-۱۷۲۱) یەکێکی دیکە لەو کەسانە بووە کە لەسەر ڕەوتی فێرکاریی ئایینی بۆ منداڵان، کتێبی ڕۆڵە بزانی نووسیوە کە باس‌کردنی ئەسڵ و فەرعی دین و هەندێک چەمکی ئایینییە، بە زمانێکی سادەتر و تایبەت بە منداڵانی هۆنیوەتەوە (پاکزاد و هاوکاران، ۱۳۹۵: ۲۳۴). بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەتای گرینگیدان بە شیعری منداڵان ڕەنگ‌وبۆنێکی ئایینیی بووە و زۆربەشیان لە چوارچێوەی فەرهەنگی وشە و لە شێوازی هۆنراوەدا بوون. دوای تێپەڕبوونی ئەم ڕەوتە، لە سەردەمی هاوچەرخدا کەسانێک وەکوو پیرەمێرد، فایەق بێکەس، کاکەی فەللاح، ع ع شەونم و لەتیف هەڵمەت و هتد، شیعریان بۆ منداڵان هۆنیوەتەوە. لەم ساڵانەی دواییشدا شیعری

منـداڵان ڕووی لـە گەشـە کـردووە و کەسـانێکی زۆر تایبـەت بـە منـداڵان شـیعر دەنووسـن کـە لـەم توێژینـەوەدا کەڵکمان لـە بەرهەمـی دوو کـەس لـەو شـاعیرانەی بـواری منـداڵان وەرگرتـووە.

**١-٢- پێشینە**

یەکـەم بەرهەمەکانـی تایبـەت بـە ئەدەبـی کوردیـی منـداڵان لـە ئەدەبـی زارەکیـدا سـەری‌هەڵداوە کـە لـەم نێـوەدا شـیعر و هۆنـراوەی فۆلکلـۆر کـە زۆرتریـن ڕەنگدانەوەیـان لـە نێـو بنەماڵـە و کۆمەڵگـەدا بـووە، هـەر لـە لایەلایـە فۆلکلۆریکەکانـەوە دەسـتی پێ‌کـردووە تـا ئـەو کایـە ئاهەنگانـەی کـە هەریەکـەو تایبـەت بـوون بـە کایەیەکـی منداڵانـە و تـا هەنووکـە پارێـزراون. پێشـینەی گرینگیـدان بـە هۆنـراوە و شـیعری کوردیـی تایبـەت بـە منـداڵان بـۆ قۆناغێـک دەگەڕێتـەوە کـە ئاییـن بابەتێکـی زاڵـی کۆمەڵـگە بـووە و بـە مەبەسـتی ڕاهێنانـی ئاییـن بایەخیـان پێـداوە. لـە بـواری توێژینـەوەی تایبـەت بـە چەمکـی شـیعری کـوردی بـۆ منـداڵان بـە زمانـی کـوردی، لەچـاو گەلانـی دیکـە، کارێکـی ئەوتـۆ و بەرچـاو نەکـراوە. حەمەسـاڵح فەرهـادی (٢٠١٣) لـە کتێبێکـدا لـە ژێـر نـاوی *پێگـەی شـیعری منـداڵان لای شـاعیرانی کـورد*، بـە شـێوازی شـیکاریی نـاوەڕۆک هەڵسـەنگاندنی بـۆ بەرهەمـی چەنـد شـاعیرێکی کـورد کـردووە کـە لـە بـواری هۆنـراوەی منداڵانـدا چالاکیـان بـووە. هـەر لـەم نووسـەرە (٢٠١٠) وتارێکـی دیکـە لـە *کۆمەڵـە وتـاری یەکەمیـن کـۆڕی نێونەتەوەیـی ئەدەبـی کـوردی* کـە لـە زانکـۆی کوردسـتان لـە شـاری سـنەدا بەڕێـوە چـوو، بـە ناونیشـانی «لەبـارەی ئەدەبـی منداڵانـەوە» لەبـەر دەسـتە کـە ئەویـش بەپێـی بنەمـای شـیکاریی ناوەڕۆکـی شـیعری منـداڵان و هەڵسـەنگاندنی چەنـد بەرهەمێکـە.

ئەمیـن محەمـەد (٢٠١٣) لـە وتارێکـدا لـە بە ناوی «زمـان ڕەوانـی و جۆرەکانی کێشـی بڕگـە لـە شـیعری منداڵانـدا» کـە لـە کتێبـی *چەنـد لێکۆڵینەوەیـەک دەربـارەی ئەدەبـی منداڵانـدا* چـاپ بـووە، چەنـد نموونـە شـیعرێکی بەپێـی پێـوەری زمان‌ڕەوانـی لـە شـیعری منداڵانـدا هەڵسـەنگاندووە کـە زیاتـر بەپێـی حـەز و سـەلیقەی نووسـەر هەڵسـەنگاندنی بـۆ کـراوە و پێوەرێکـی زانسـتییانەی نییـە. شـەریف فەلـلاح (٢٠٢٠) لـە وتارێکـدا لـە کتێبـی *ڕابوون* بـە ناونیشـانی

پێگـەی ئەدەبـی منـداڵان لـە کوردسـتانی ئێـران، دۆخـی ئەدەبـی کوردیـی منداڵانـی لـە کوردسـتانی ئێرانـدا تاوتـوێ کـردووە و دواتـر دەپەرژێتـە سـەر شـاعیرانی قۆناغەکانـی شـیعری کلاسـیک و نیوکلاسـیک کـە ئاوڕیـان لـە شـیعری منـداڵان داوەتـەوە. ئـەم وتـارە بـە شـێوازێکی ڕووکەشـییانە ئـاوڕی لـەم چەمکـە داوەتـەوە و پەیـڕەوی لـە هیـچ جـۆرە مێتۆدێکـی زانسـتییانە نەکـردووە. لـە کتێبـی ڕابـوون دوو وتـاری دیکـەی تایبـەت بـە چەمکـی شـیعر بـە ناونیشـانی «ئەدەبـی منـداڵان و شـیعر» لـە نووسـینی فەرەیـدوون میرئەحمـەدی (۲۰۲۰) کـە بەشـێکی تەرخـان کـراوە بـە شـیعر و تایبەتمەندییـەکان و دواتـر وتـاری سـیمین چایچـی (۲۰۲۰) بـە ناونیشـانی «ئەدەبـی منـداڵان لـە زمانـی کوردیـدا و کێشـەی چەندایەتـی و چۆنایەتـی»، کـە لـە بەشـێکی ئـەم نـووسراوەدا باسـی شـیعر و هەندێـک تایبەتمەندیـی ئـەو بـوارەی کـردووە. ئـەم دوو وتـارەش زیاتـر وەکـوو یادداشـتن و پێـوەر و مێتۆدێکـی زانسـتییانەیان نییـە.

ئەحمـەد شـەبانی (۱۳۹۹) لـە *پژوهشـنامەی ادبیـات کـردی* زانکـۆی کوردسـتان وتارێکـی ڕەخنەیـی بـە ناونیشـانی «شـیعری منـداڵان، بـە کەیفـی گەورەسـاڵان: خوێندنـەوەی شـیعری کوردیـی منـداڵان لـە کوردسـتانی ئێرانـدا» نووسـیوە و پـاش ئاوڕێکـی کـورت لـە چەمکـی منـداڵ و منداڵـی، بـاس لـە تایبەتمەندییەکانـی شـیعری منـداڵان دەکات و چەنـد نموونەیـەک لـەو شـیعرانەی لـەم دواییانـەدا لـە کوردسـتانی ئێرانـدا بـڵاو کراونەتـەوە، هێناوەتـە بـەر بـاس کـە بەپێـی ئـەو دەیتایانـەی لـە ڕەوتـی ئـەم توێژینەوەیـەدا بەردەسـتی ئێمـە کەوتـووە، زانسـتیترین توێژینـەوەی ئـەم بوارەیـە لـە شـێوەی وتـاردا کـە بەپێـی بنەمایەکـی توێژینەوەیـی کاری لەسـەر کـراوە و بـڵاو کراوەتـەوە. مێهـدی ئەحمەدیخـا (۱٤۰۰) نامـەی دوکتۆراکـەی بـە ناونیشـانی «بررسـی تطبیقـی ادبیـات کـودک و نوجـوان فارسـی و کـردی ایـران پـس از انقـلاب اسـلامی» بـۆ لێکدانـەوەی بەراوردکاریـی ئەدەبـی منـداڵان و مێرمنداڵانـی فارسـی و کـوردی تەرخـان کـردووە و کۆمەڵێـک دەقـی منداڵانـە (شـیعر و پەخشـان) ی تایبـەت بـە منداڵانـی وەک نموونـە هێناوەتـەوە و لێکیداونەتـەوە کـە لـە نموونـەی خۆیـدا جێگای سـەرنجە و دەتوانیـن وەک سـەرچاوەیەکی زانسـتیی دیکـەی ئـەو بـوارە نـاوی بێنیـن.

### ١- ٣- منداڵی بەردەنگ کێیە؟

لە ڕووی مێژووییەوە داهێنان و سەرهەڵدانی وشەی منداڵی، مێژوویەکی دوور و درێژی نییە. پلۆمپ[5] پێیوایە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا بۆ ناوبردەکردنی کەسێکی تەمەن ٧ تا ١٦ساڵ هیچ وشەیەک لە ئارادا نەبووە. زاراوەی «منداڵ» بریتی بووە لە پێوەندیی و خزمایەتی بە خوێن، نەک قۆناغێک لە تەمەنێکی دیاریکراودا، کەواتە لە دەوروبەری ساڵی ١٦٠٠ی زایینیدا چەمکی منداڵی سەرهەڵدەدات. فلیب ئارێس[6] (١٩٨٤)، مێژوونووسی فەڕەنسی، پێی وایە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا چەمکی منداڵی بەو واتایەی کە هەنووکە دەیناسین لە ئارادا نەبووە. لەو سەردەمانەدا بۆ منداڵان وەک گەورەساڵانێکی بچووک دەیانڕوانی و پەروەردەشیان تەنیا ئەوە بووە کە مۆڵەت و ئیزنیان بدەنێ لە کاروباری گەورەساڵاندا بەشداری بکەن. تا بەرایی سەدەی نۆزدەهەم، وەک گرووپێکی تایبەت کە پێویستی بە عاملاندن و پەروەردەکردنێکی تایبەت بێت، سەیری منداڵ نەکراوە. زاوزێی منداڵ لە کۆنترۆڵی ژن و مێرددا دەرچووە و ژن و مێرد، بە حەز و پلانێکی لەوە پێش داڕێژراو منداڵیان نەدەهێنایە ئەم جیهانە، بەڵکوو زاوزێ تەنیا بەرهەمی پەیوەندییەکی دوولایەنەی ژن و شوویی بووە، کەواتە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە منداڵ و منداڵی، دوو دەستەوشەن کە جێگیربوونیان پێویستیی سەردەم بووە (شەبانی بە گێڕانەوە لە فلیپ، ١٣٩٩: ٦٠).

### ١- ٤- تایبەتمەندییەکانی منداڵان بەپێی تەمەن

خشتەی تایبەتمەندیی منداڵان بەپێی تەمەن کە بریتین لە تەمەنی ساوایی تا ١٨ ساڵی، منداڵان بەسەر چەند قۆناغدا بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکات:

---

5. Plump

6. Flip Aries.

| تەمەن / ساڵ | تایبەتمەندیی جەستەیی | تایبەتمەندیی دەروونی | لێهاتوویی |
|---|---|---|---|
| ۰ بۆ ۳ | جەستەی منداڵ لەم قۆناغەدا زۆر لاواز و ناسکە. | ڕەوشتی منداڵان زیاتر زگماکی، ڕێکەوت و پێچەوانەیە (راتنیک، ۱۳۷۰: ۳۱). | ئەم قۆناغە لە گەشە و پێگەیشتنی منداڵدا دەستپێکی قۆناغی هەستی-جووڵەییە. |
| ۳ بۆ ٦ | بۆ ئەنجامدانی کارەکانی زیاتر پشت بە گەورەکان دەبەستێت. | هێدی‌هێدی دەبێتە مرۆڤێکی سەربەخۆ و پەرە بە ناسینی خۆی دەدات. | لەم قۆناغەدایە کە چەمکی خەیاڵ لە منداڵاندا گەشە دەکات و هەر کاتێک نەتوانێت لە ڕێگای ئەزموون و تاقیکارییەوە ئەزموونێک بەدەست بێنێت، لە ڕێگای خەیاڵەوە وێنای دەکات. |
| ٦ بۆ ۱۲ | لەم قۆناغەدا هێدی‌هێدی دەڕواتە نێو ژیاری کۆمەڵایەتییەوە. | لەم قۆناغەدا منداڵێک کە بیرکردنەوەیەکی منداڵانەی بووە هێدی‌هێدی بەرەو «بیرکردنەوەیەکی لۆجیکی» هەنگاو دەنێت. | پرسیارکردن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گرینگی ئەم قۆناغە لە تەمەنی ئەو منداڵەدایە (شکوهی، ۱۳۹۹: ۱۵۵). |
| ۱۲ بۆ ۱۵ | لەم قۆناغەدا، کە بە برگەی مێر مند ا ڵیش ناسراوە، گەشەی جەستەیی ئەو منداڵە ئەوەندە خێرایە کە نازانێت چۆن و بە چ شێوازێک لەگەڵ ئەم گۆ ڕ ا نکا رییا نە دا رووبەڕوو بێتەوە. | لەم قۆناغەدایە سۆزی مێرمنداڵ تێک دەچێت و هاوسەنگیی خۆی لەدەست دەدات. | لەم قۆناغەدا لەجیاتی ئەوەی لە گەورەساڵان پەیڕەوی بکات زیاتر سەرنجی هاوتەمەنەکانی دەدات. لێرەدا ئەندامبوون لە گرووپ و دەستەکاندا بە کارێکی پێویست دەزانێت و ئەمەش لە گەشە و دروستبوونی ئەندێشەکانیدا کاریگەرە (کریمی، ۱۳۹۹: ۲۳۵). |

## ٢- پێناسەی شیعری منداڵان

پێناسەی زۆر لەسەر شیعر هاتووەتە ئاراوە، بەڵام پێناسەیەک کە لە هەموویانەوە نزیکتر بێت، ئەوەیە کە شیعر کەلامێکی ناسک، خاوەنی کێش و مۆسیقایە کە خەڵک، هەست و خۆشی و ناخۆشییەکانیانی پێدەردەبڕن. شیعر لە یاری‌کردنێکی بەتام و دڵخۆشکەر بە وشەوە دەست پێدەکات و شاعیر بە هەڵبژاردنی وردبینانەی وشەکان و داڕشتنێکی وشیارانەیان لەپاڵ یەکدا، سەرنجی خوێنەر بۆ لای شیعر ڕادەکێشێت و ئێمە دەباتە ناخی ئەزموونێکی تازەی ژیانەوە (شەبانی، ١٣٩٩: ٦١). پێویست بەوە ناکات کە ئەمە وەبیر بهێنینەوە کە ڕێژەی زۆریی شیعریش لە دنیای منداڵاندا تا چ ئاستێکە، پانتایی ئەم هەستە هەر لە لایەلایە و گۆرانییەکانی دایکێک بۆ منداڵە ساواکەیەوە دەست پێدەکات، تا دەگات بە شیعرەکانی باخچەی ساوایان و قوتابخانە، کە هەمووی ڕەنگدانەوەی شیعرە لە دنیای منداڵان و بیر و هزری چینێکی هەستیاری نێو کۆمەڵگە(Charlotte:١٢٧-١٤٢).

ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی کورت لە شیعری منداڵان بخەینەڕوو، دەکرێت بڵێین: وتارێکی کێشدار، یان هۆنراوەیەکی خەیاڵاوییە کە سۆز و هەست و خواستی منداڵ دەبزوێنێت و لە ناخیدا مۆسیقایەکی ئارامیش بەدیدەکرێت. منداڵ لە شیعرێکدا کە باس لە خەون و خەیاڵەکانی بکرێت، چێژ وەردەگرێت. بەم بۆنەوە حەز دەکات ئەو شیعرانەی کە جیهانیکی وەهای بۆ دەخولقێنن، بخوێنێت و لەبەر خۆیەوە دەیبێژێت و دەبێتە کاکڵەی زەینی. شیعری منداڵان وەک ئاوێنەیەک وایە لە بەرامبەر منداڵاندا کە ئەگەر خۆی تێدا ببینێتەوە، ئەو شیعرە بە هی خۆی دەزانێت و ئەگەریش وانەبوو، لەگەڵیدا هەست بە نامۆیی دەکات. شیعری منداڵان دەبێت ڕەنگدانەوەی پێداویستییە دەروونی و مادییەکانی منداڵ بێت و باشتر ئەوەیە بابەتەکانی شیعری منداڵ پێوەندیی بە جیهانی منداڵییەوە هەبێت، تاکوو بە سانایی لێی تێبگات و لە ژیانی خۆیدا وەک ئەزموونێک بەکاری بێنێت (شەبانی، ١٣٩٩: ٦٢). شیعر وەکوو یەکێک لە جۆرە ئەدەبییەکان دێتە ئەژمار کە منداڵان و مێرمنداڵان پێشوازی لێدەکەن. بوونی وێنەکانی خەیاڵاوی لە زمانێکی شاعیرانەدا وەک پێوەرێک بۆ شیعرێکی باش دێتە

ئەژمار. منداڵان ئەگەرچی لە سەرەتادا زیاتر بایەخ بە ڕواڵەتی زمانی شیعر، واتە کێش و سەروا و لایەنە مۆسیقاییەکانی دەدەن؛ بەڵام هێدی‌هێدی بایەخی وێنە خەیاڵییەکان و جوانکارییەکانی زمانیی شیعر فام دەکەن و دەچنە ڕیزی بەردەنگەوە (قزل ایاغ، ۱۳۹۴:۲۰۱).

## ۳- ئامانجی هۆنینەوەی شیعری منداڵان

### ۳- ۱- دروستکردنی چێژ بۆ منداڵان

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەدەبی منداڵان،چێژوەرگرتنی منداڵە لەو دەقە. بە لەبەرچاوگرتنی گرینگایەتیی ئەم بابەتە، پێویستە لە ڕوانگەی زەینی منداڵەوە بڕوانینە پرسی چێژ و بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ بایەخ بە پێداویستییەکانیان بدەین.

### ۳- ۲- خوڵقاندنی شیعری منداڵ بۆ منداڵ

تەوەری کارکردی شاعیر لە بواری منداڵاندایە. ئەگەر بەردەنگی منداڵ لەبەرچاو نەگیردرێت، ئەو دەقە لە بەستێنی شیعری منداڵدا جێی خۆی ناگرێتەوە (جلالی، ۱۳۹۸: ۸۰). شیعری منداڵان دەبێت لە کارکردێکی گەورەساڵانەوە بەرەو کارکردێکی منداڵ‌تەوەرانە بگوازرێتەوە و بەردەنگی خۆی بناسێت. بەپێی ئەم ئامانج و باسەی کە لەسەر شیعر و پێناسەی کرا، لە خوارەوە تایبەتمەندییەکانی لێک‌دەدەینەوە.

## ٤- تایبەتمەندییەکانی شیعری منداڵان

۱. سادەبوونی زمانی شیعریی منداڵان؛
۲. بوونی چەمکی خەیاڵ لە شیعری منداڵانەدا؛
۳. نەبوونی هێما و شیعری کینایی؛
٤. نەبوونی ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ؛
٥. بوونی کونجکاویی منداڵانە؛
٦. بوونی مۆسیقای زمانی.

بۆ تاوتوێی زیاتری ئەم پێوەرانە، کەڵکمان لە دوو بەرهەمی تایبەت بە منداڵان وەرگرتووە و دەمانهەوێت بەپێی نموونە پێوەرەکانی تایبەت بە شیعری منداڵان شیکاری و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین. هەر دوو بەرهەم لە بواری ژینگەپارێزی و فێرکاریی ژینگەپارێزی بە منداڵان هاتوونەتە بەرهەم کە بریتین لە هۆنراوەی ژینگەیی کە لە ٤٥ لاپەڕەی تەواو ڕەنگی لە ساڵی ٢٠٢١دا بڵاو کراوەتەوە و بەرهەمی ڕۆستەم جەلیل ئیبراهیم مەحموود ناسراو بە خامۆش-ـە. ئەم نووسەرە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٠ی زایینی لە پارێزگای هەولێرە، چالاکە لە بواری نووسین بۆ منداڵان کە تا ئێستا ٦ بەرهەمی لەو بوارەدا بە چاپ گەیاندووە. هەروەها کتێبی منداڵ و ژینگە کە لە ٥٦ لاپەڕەی تەواو ڕەنگی و ساڵی ٢٠٢١ لە شاری سلێمانی چاپ کراوە و نووسینی عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی لەدایکبووی ١٩٦١ لە شارۆچکەی بەرزنجەی باشووری کوردستانی. ئەم نووسەرە لە بواری منداڵان و مێرمنداڵاندا کۆمەڵێک بەرهەمی نووسیوە.

## ۴- ١- سادەبوونی زمانی شیعریی منداڵان

زمان باشترین و گشتگیرترین کەرەستەیە بۆ گەیاندنی پەیام و پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر. زمان لە شیعری منداڵاندا سادە، سروشتی و ئەمڕۆییە و پێویستە ئەم تایبەتمەندییانە لە شیعری منداڵاندا لەبیر نەکرێن. دەستەوشە و پێکهاتەکانی شیعریی گەورەساڵ بەرینە، بەڵام لە شیعری منداڵاندا سنووردارە؛ بەم پێیە ڕەچاوکردنی وشە و دەستەوشەکان و هێنانیان بەپێی بارودۆخی منداڵان وەک گرینگییەک دێتە ئەژمار. بۆیە سادەبوونی زمان لە شیعری منداڵاندا خۆی لە دوو تەوەردا دەبینێتەوە: یەکەم، ئەوەی کە وشە و دەستەوشەکانی لە بازنەی دەستەواژەکانی منداڵانەوە بەدەر نەبێت. دووهەم، ئەوەی کە پێکهاتەی زمانیی نزیک بە زمانی سادەی وتووێژ بێت و ئاڵۆزیی شیعری گەورەساڵانی بەدواوە نەبێت. کەوابوو، ئەم زمانە پێویستی بە تێگەیشتنی بەردەنگی منداڵە و نابێت لە ڕەوتی خوێندنەوەی بەرهەمێکدا تووشی گرفتی تێگەیشتن ببێت و زەینی بەرەو پەراوێز ڕاپێچ ببێت. لە هەندێک بەرهەمی تایبەت بە منداڵاندا ئێمە هیچ جۆرە گرینگیدانێک

بەم دوو چەمکە نابینین. بۆ وێنە، کۆمەڵێک وشە و دەستەوشە دەبینین کە لە بازنەی تێگەیشتنی منداڵان تێپەڕیوە و پڕە لە دژواری کە ئەمە لەسەر تێگەیشتنی بەردەنگی منداڵ کاریگەریی نەرێنی دادەنێت.

گومانێک لەوەدا نییە ئەو شیعرانەی کە بەردەنگیان منداڵانن، دەبێت واتا و تایبەتمەندییەکانی زمانی، بە شێوازێکی ڕوون بۆ منداڵان بگوازنەوە؛ لەبەر ئەوەی توخمی زمان، گرینگترینی توخمەکانە کە پێوەری وەرگرتن و تێگەیشتنەکانی منداڵان و ساماندانی ڕۆحی و دەروونیان دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە (مدنی و خسروی، ۱۳۸۸: ۱۳۳). لەم دوو بەرهەمەدا هەردوو شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانیاندا لە بازنەی ئەو زمانە سادە و ساکارە منداڵانەدا هاتوونەتە دەر و بە زمانێک دەئاخفن کە لەگەڵ زمانێکی گەورەساڵاندا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە یەکەمین پەیوەندیی منداڵ لەگەڵ هەر بەرهەمێکدا دەقی ئەو بەرهەمەیە و ئەگەر ئەو بەرهەمە سەرەتایەکی نامۆ و ئاموژگارییانەی هەبێت، سەرنجی منداڵ بەرەو لای خۆی ڕاناکێشێت؛ بۆ نموونە، عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی لە کتێبی منداڵ و ژینگەدا لە شیعری «بەرنامەی پاکوخاوێنی»دا دەڵێت:

ئاو پێویستی ڕۆژانەیە　　سەرچاوەی ئەم ژیانەیە
پێویستە خاوێن ڕایبگرین　　تا لە نەخۆشی بەدوور بین
پاشەڕۆکی مرۆڤ یەکسەر　　دوور خەینەوە لە دەوروبەر
یاخود بکرێتە شوێنی خۆی　　ئەوەی دیاری کراوە بۆی
(بەرزنجی: ۱۲ و ۱۳)

یاخود:

با خۆشەویستیی ژینگە　　وەک بنەمای کارکردن
بکەینە سەرەتایەک　　بۆ هەنگاوێکی مەزن
(هەمان: ۳۵)

ئێمە لێرەدا تەنیا شتێک کە دەیبینین ئەوەیە سەرجەم دێڕەکان هەڵگری ئاوەز و بیر و هزرێکی گەورەساڵانەیە و بەدوورە لە تێگەیشتنی منداڵانە. لەم چەند دێڕەدا بە هێنانی چەند وشە و دەستەوشەی نامۆ و ئامۆژگارییانە، تامێکی گەورەساڵانەی بە دەقەکە بەخشیوە و لە مەبەستی سەرەکیی دوور

خستووەتەوە. نووسەر تەنیا کەڵکی لە چەند وشەیەکی سادە وەرگرتووە و ئەوەی وەکوو پێوەر بۆ دێڕەکان بەکار هێناوە؛ ئەمە لە کاتێکدایە ئێمە دەبینین کە نووسەر ئەو وشانەی تێکەڵ بە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی گەورەساڵانەی خۆی کردووە و بە زمانێکی ئامۆژگارییانە هەوڵی ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆی منداڵان دەدات. هەر لەم ئاراستەیەدا لە کتێبی هۆنراوەی ژینگەیی بەرهەمی ڕۆستەم خامۆش ئەم زمانە گەورەساڵانەیە دەبینین و نووسەر هزری خۆی تێکەڵ بە شیعرەکان کردووە؛ بۆ نموونە، لە شیعری «دڵسۆزانی شار»دا دەڵێت:

سڵاوتان لێ بێ دڵسۆزانی شار ژینگەدۆستانی پاک و وەفادار
کار و پیشەتان خزمەتی خەڵکە ژین و تەمەنتان پڕسوود و کەڵکە

(خامۆش: ٧)

لەم دوو دێڕەدا خوێنەر هەست بە بوونی بەردەنگی منداڵ و کەسایەتیی منداڵێک کە پێکەوە ئەم شیعرە دەڵێنەوە ناکات و هەست دەکات کە مرۆڤێکی گەورەساڵ سەرقاڵی ئاخافتن و شیعروتنە؛ لێرەدا بە ڕوونی هەست بە نەبوونی بەردەنگی سەرەکی، کە منداڵانە دەکرێت. زۆربەی کات پێمان وایە دانانی شیعر بۆ منداڵان، بە هەمان ئەندازەیەک ڕادەیەک کە بە سادەیی و لە خوارەوەبوون بۆ منداڵان دەڕوانین، نووسینیشی بۆ ئەو تەمەنە کارێکی سانا و ساکار بێت؛ کەچی لە ڕاستیدا پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ڕوو دەدات و باشترین شیعری منداڵان، شیعری ئەو شاعیرانەن کە لە سنووری بەرتەسکی ئەم دیدە کورت و کوێرە ڕزگار بووبێتن و جیهانێکی بەرفراوانیان بەرەو ڕووی خۆیان وەک داهێنەر و منداڵ و بەردەنگ کردبێتەوە و منداڵیان وەک بەردەنگێکی سەرەکی لە بازنە و چوارچێوەی گوتاری خۆیاندا جێ‌کردبێتەوە (شەبانی، ١٣٩٩: ٦٣). زمانی منداڵ زمانێکی بنەڕەتییە کە هەڵگری کۆمەڵێک وشەی سادە و سەرەتاییە، بە دوورە لەو داسەپاندنە زمانییەی کە تایبەت بە گەورەساڵە. ئەگەر شیعر لەو بازنە وشەییە لابدات، لە ڕیزی شیعری منداڵان دەچێتە دەر. لە شیعری کوردیی منداڵانیشدا گرینگی‌نەدان بەم خاڵە یەکێک لە کێشە بەرچاوەکانە کە زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکان دەگرێتەوە (چاپچی، ١٣٩٧: ٧٨١).

## ٤- ٢- چەمکی خەیاڵ

دروستکردنی وێنە و خەیاڵ لە شیعری گەورەساڵدا بەرینە، بەڵام لە منداڵاندا سنووردارێتیی خۆی هەیە. بەهۆی ئەوەی کە توخمی خەیاڵ لە شیعردا گرینگایەتییەکی زۆری هەیە، زاتی شیعر لەگەڵ چەمکێک وەک فێرکاری و پەند و ئەمر و نەهیی ئەخلاقیدا یەکناگرێتەوە. یەکێک لە لایەنە بنەڕەتییەکان لە شیعردا، بەتایبەت شیعری منداڵان، خەیاڵە. لە ڕاستیدا شیعر دەبێت بتوانێت وەک کارکردێکی گرینگ خەیاڵی منداڵان چالاک بکاتەوە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین بەرچاوترین ئەرکی شیعر، هاندانی ئەو منداڵەیە بەرەو سەکۆی پەرێنەوەی خەیاڵ و گەشەی زەینی. لە هەردوو نموونە دەقەکەی ئێمەدا هیچ جۆرە خەیاڵێکی منداڵانە نابینین و شتێک کە زەق و بەرچاوە، زمانێکی گەورەساڵانەیە کە هەردوو نووسەر بەسەر بەرهەمەکانیاندا سەپاندوویانە و لە هەر جۆرە خەیاڵێکی منداڵانە کە بتوانێت بەکەڵکوەرگرتن لەو چەمکە، ئەو لایەنە پەروەردەییەش بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ بە بەردەنگی منداڵی بگەیەنێت، بێبەشە.

## ٤- ٣- هێما

بەکارهێنانی وشە، ڕستە، واتا و ناوەرۆکی ڕەمزی و هێمایین لە شیعری منداڵاندا دەبێتە هۆکارێک بۆ بەلاڕێبردنی ئەو منداڵە لە فام و تێگەیشتنیدا بە نیسبەت ئەو بابەتەوە. لە بەشێکی بەرچاو لەو بەرهەمە شیعرییانەی بۆ منداڵان نووسراون، دەبینین شاعیر دەقی شیعرییەکەی پڕ دەکات لە وشەکانی ڕەمزی و هێمایین؛ لێرەشدا لەبەر ئەوەی کە ئەم دەقە لە چوارچێوەی فام و تێگەیشتنی ئەو منداڵەدا نییە، نووسەر لە کۆتایی کتێب، یان پەراوێزی ئەو دەقەدا فەرهەنگۆکێکی بۆ دادەنێت و هەر ئەمەش سەرنجی منداڵ لە بابەتی سەرەکی کە شیعرەکەیە بۆ پەراوێزی کتێب ڕادەکێشێت و منداڵ تووشی سەرلێشێواوی دەکات (شەبانی، ۱۳۹۹: ٦٥). لە هەردوو بەرهەمدا کۆمەڵێک چەمک و هێمای گەورەساڵانە هاتووە کە بەشی هەرە زۆریان بۆ منداڵان نامۆن و منداڵ ناتوانێت پێوەندییان لەگەڵدا بگرێت؛ بۆ نموونە، لە کتێبی منداڵ و ژینگەدا ئەم وشە و دەستەوشانە

بەكار هێنراوە كە نەتەنیا قازانجێكی بۆ دەق و هەستی شیعری نەبووە، بەڵكوو كاریگەریی خراپیشی لەسەر لایەنی سایكۆلۆژیی منداڵان دەبێت؛ وشەگەلێک وەكوو: بەهەشت، هێمای دڵسۆزی، سەرچاوەی ژیان، ئەركی سەرشان، مرۆڤێكی وشیار، پێشەنگ دەردەكەوین، بنەمای كاركردن، ئەركی پیرۆز. هەروەها كتێبی هۆنراوەی ژینگەیی-ش بەری نییە لەو چەمک و دەستەوشانە و لێرەدا چەند نموویەک دەهێنینەوە كە بریتین لە: دڵسۆزین بۆ خاک (كە منداڵ هێچ جۆرە فام و تێگەیشتنێكی لە هەمبەر دڵسۆزی بۆ خاک نییە و ئەمە چەمكێكی نامۆیە بۆ منداڵان)، دۆستی ژینم دەوێ، ژین و تەمەنتان پڕسوود و كەڵكە، بەڕاستی ئێوە چاک و بەڕێزن، چونكە ڕەوشتمان چاكە، خۆشمان دەوێ نیشتمان، با بە سەربەستی بفڕێ، لە لای هەموومان شایانی ڕێزە، جێگەی مافی هەمووانە، بۆ مەلە جێگەی ناڵەیە، قاسپەم سۆزی گریانمە، منیش شەیدای ژیانم، با گیانم ئاسوودە بێت، با بژیم بە ئازادی، خۆشە ژینی سەربەستی، دوور لە زیندان و پەستی، خەڵكی دەڵێن كەنناسە، چاكەیان لەبیر ناكەین، ئەوەی كە پاک و ژیرە، چونكە جێی مافی گشتە و گرینگە. تەواوی ئەم نموونانە لە هەردوو بەرهەمدا باس لە چەمک و دنیابینییەكی گەورەساڵانە دەكەن كە لە فام و تێگەیشتنی منداڵ و ئاوەزیان دوورن.

لە سەرەتای كتێبی منداڵ و ژینگەدا وشەی بەهەشت بەكار هێنراوە، كە بە گشتی چەمكی مەرگ، بەهەشت و جەهەننم و ئەو دەستەوشانە باس لە ئەندێشەیەكی گەورەساڵانە دەكەن و تەنانەت گەورەساڵیش لە تێگەیشتنی ئەم چەمک و واتایانەدا دەمێنێتەوە. هەروەها نموونەیەكی دیكە لە كتێبی هۆنراوەی ژینگەدا هاتووە، باسی ئازادی و سەربەستییە، ئەم چەمكانەش بۆ منداڵان مژاوین و لە ئاستی تێگەیشتنیاندا نین.

### ٤- ٤- نەبوونی ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ

فێركردن و پەروەردەی منداڵان یەكێک لە تایبەتمەندییەكانی شیعر دێتە ئەژمار و دەكرێت لە ڕێگای شیعرەوە كۆمەڵێک بابەتی كۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و هونەری فێری منداڵان بكرێت؛ بەڵام بەكارهێنانی ئەم چەمكانە

بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ ڕوویەکی نەرێنیی هەیە و لە تاقەتی منداڵدا نییە. لە ڕاستیدا منداڵان پەیامە ڕاستەوخۆکانی ئێمە نابیستن و ئەو شتانەی بە جۆرێک لە سروشتی خۆیانەوە نزیک بێت، فێری دەبن و لە بنەڕەتدا لەو زمانە ئەمر و نەهی و ئامۆژگارییە ڕاستەوخۆیەی کە گەورەکان، چ بە شێوازی دەق لە چوارچێوەی ئەدەبدا و چ بە شێوازی زارەکی ڕووبەڕووی منداڵانی دەکەنەوە، دووری دەگرن. یەکێک لەو هۆکارانەی منداڵان کەمتر بەرەو خوێندنەوەی کتێبی منداڵانە دەچن و کەمتر چێژ لەو کتێبانە وەردەگرن، بوونی ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆیە لەو بەرهەمانەدا. نووسەری باش ئەو کەسەیە بتوانێت بە باشی و بە شێوازێکی زیرەکانە پەیامەکەی ڕابگەیێنێت و بەردەنگیش نەزانێت لە کوێ و چلۆن ئەم پەیامەی وەرگرتووە. لە شیعری «شازدەی نیسان» لە کتێبی هۆنراوەی ژینگەیی لە لاپەڕەی ١١دا لە شیعرێکی شەش دێڕیدا «پێنج» جار ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ بەکارهاتووە؛ بۆ نموونە:

دەبێ گشتمان پێکەوە  شار و دێ پاک کەینەوە
هەموو خاکی کوردستان  پڕ بکەین لە گوڵستان

(خامۆش: ١١)

هەروەها لە شیعرەکانی «ئاو، باخچە، سروشتی نیشتمان، ئاو بپارێزن، ئەم کەسە بناسە، کلێنس، بۆ ژینگەکەم، ژینگەدۆست، وانەی ئەمڕۆ، ئەم سروشتە زۆر جوانە، ئەم ژینگە، ژینگەدۆستین» دا ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ هاتووە. لە کتێبی منداڵ و ژینگەییش بە هەمان شێوە کۆمەڵێک چەمکی ئامۆژگارییانە هاتووە کە لێرەدا نموونەکانیان دەهێنینەوە.

دەی با هەموو ژینگەدۆست بین  تا لەشساغ و دڵخۆش بین

(بەرزنجی: ٩)

لە شیعری «بەرنامەی پاکوخاوێنی» کە هەژدە دێڕە، شاعیر لە نۆ دێڕیدا کەڵکی لە ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ وەرگرتووە. لێرەدا دوو دێڕی دەهێنینەوە:

پێویستە خاوێن ڕابیگرین  تا لە نەخۆشی بەدوور بین
ئاوی خواردنەوە ئاوی پاک  دەبێت سەری داپۆشین

(هەمان: ١٢)

هەروەهـا لـە شـیعرەکانی «دەقـی شـانۆیی، یاریـی ژینگـە، ژینگەدۆسـت، لـە پێنـاو پارێـزگاری لـە ژینگـە، بـۆ جوانیـی ژینگـە، ژینگـەم خـۆش دەوێ»دا کۆمەڵێـک ئامۆژگاریـی ڕاسـتەوخۆ و ئەمـر و نەهی‌کـردن بەکارهێـنراوە، کـە ئـەم دیاردەیـە نەتەنیـا هیـچ قازانجێـک بـەو دەقـە نـووسراوە ناگەیەنێـت، بەڵکـوو دەبێتـە هـۆی ماندووبوونـی ئـەو منداڵـە و دەسـت‌هەڵگرتن لـە خوێندنـەوەی ئـەو کتێبـە.

### ٤- ٥- کونجکاویی منداڵانە

لێـرەدا چیـدی لەگـەڵ نیگایەکـی گەورەسـاڵانە بـەرەو دنیـای منداڵانـەدا ڕووبـەڕوو نیـن، بەڵکـوو هەسـت و ڕوانینێکـی منداڵانـە دەبینیـن کـە لـە شـیعری شـاعیرێکی خـاوەن چوارچێـوەی فیکـری و وردەوە سـەرچاوە دەگرێـت؛ لەبـەر ئـەوەی پێـوەری تـەواوی هەڵسـەنگاندنەکانی منـداڵ، خـودی منداڵـە و ئەمـە بنەمایەکـی سـەرەکییە لـە دنیـای منداڵانـەدا. منـداڵ خـۆی بـە منـداڵ دەزانێـت، زۆربـەی کەرەسـتە و دەوروبـەری خـۆی منداڵانـە دەبینێـت و لـەو شـوێنەی دەزانێـت خـۆی دایکـی هەیـە، بـۆ تـەواوی ئەوانـە دایکێـک وێنـا دەکات. لێرەدایـە جیاوازییـەک لـە نێـوان خـۆی و منداڵانـی دیکـە، گوڵـەکان، مێلـوورەکان، پێنووسـەکان و هتـد، دانانێـت و ئـەم هەڵسـەنگاندنە منداڵانەیـە کـە ڕەنگێکـی منداڵانـە دەبەخشـێتە شـیعرێکی منداڵانـە. لـە بەشـێکی بەرچـاو ئـەو بەرهەمانـەی بـۆ منـداڵان دەنووسرێـن، ڕوانگەیەکـی گەورەسـاڵانە سـەپێندراوە و نووسـەر بـە سـەپاندنی حـەز و تێگەیشـتنەکانی لـە دەوروبـەر بەسـەر منداڵـدا، ڕواڵەتێکـی منداڵانـەی پێ‌دەبەخشـێت کـە دوورە لـە حـەز و ویسـتێکی منداڵانـە. بڕوانـە بـۆ کۆپلەیـەک لـە شـیعری «پێشـەکی» لـە کتێبـی منـداڵ و ژینگـەدا:

پاک‌وخاوێنیی ژینگە　　　لای هەموومان گرنگە
کارێکە پـڕ پیـرۆزی　　　هێمـایە بـۆ دڵسـۆزی

(بەرزنجی: ٧)

وەک نموونەیەکـی دیکـە لـە کتێبـی هۆنـراوەی ژینگەییـدا و لـە شـیعری ئـاو بپارێزنـدا هاتـووە:

ئاو بپارێزن وەکوو سۆمای چاو　بەفیرۆی مەدەن یەک دڵۆپە ئاو (هەمان: ٢٨)

لەم چەند نموونەیەی هێناومانە، دەبینین ئەو بابەتانەی لەم دوو بەرهەمە و بەو شێوازە هێنراون، وەکوو کەڵکەڵەی خودی نووسەر هاتوونەتە ئاراوە و ئەم کێشە و گرفتانە دوورن لە حەز و خولیای منداڵ و ئەم چەمکانە تایبەتن بەو کێشە و گرفتانەی لە ناو دنیایەکی گەورەساڵانەدا هەیە. ئەم جۆرە ڕوانین و تێفکرینە تایبەت بە کەسێکی گەورەساڵە و هیچ منداڵێک بەو زمان و حەز و ئاوەزە قسە ناکات و بیر ناکاتەوە؛ بەڵام ئەمە لە کاتێکدایە لەم نموونانەدا وەهامان پیشان دەدات ئەو منداڵە وەک کەسێکی گەورەساڵ بیردەکاتەوە و دەتوانێت ڕاستی و دروستی، بەهەشت و جەهەننەم، ئازادی و سەربەستی و ژینگەپارێزی و هێماکانی دڵسۆزی لێکبداتەوە و بە بیرێکی قووڵی گەورەساڵانەوە قسە بکات. پێویستە نووسەر خۆی لە سەپاندنی هەر جۆرە ئایدیۆلۆجییەک بەسەر دەقی منداڵانەدا دووربگرێت، وێڕای بەکارهێنانی زمانێکی گەورەساڵانە لەم چەند دێڕەی دواییدا، ئێمە کۆمەڵێک ئامۆژگاری و زمانێکی گەورەساڵانە دەبینین کە نووسەر کەڵکەڵەی زەینیی خۆی بەسەر دێڕەکاندا سەپاندووە.

### ٤- ٦- بوونی مۆسیقای زمانی

بەرچاوترین تایبەتمەندیی شیعر کەڵکوەرگرتن لە هونەری مۆسیقا[7] لە پێکهاتەی ئەم جۆرە شیعرانەدایە. ئەو شیعرانەی بۆ منداڵان دەهۆنرێنەوە، دەبێت هەڵگری ڕەهەندێکی مۆسیقایی بەهێز بن. ئەو دەقە شیعرییانەی هەڵگری کێش و سەروایەکی کلاسیکن، دەبێت لە شیعری منداڵاندا ڕەچاوبکرێت؛ لەبەر ئەوەی بوونی سەروا و پاشسەروا بۆ هێشتنەوەی شیعر لە بیر و زەینی منداڵاندا کاریگەرە. وشەکان لە شیعری منداڵاندا هەرچەندە زیاتر هاوئاهەنگ و یەک شێواز بن، بە مەبەستی سەقامگیربوون و مانەوەی لە زەینییاندا، مۆسیقاییەکی زۆر بە زەینی منداڵان دەبەخشن. زەینی مرۆڤ کاتێک شیعرێک دەبیستێت و دواتر بیهەوێت ئەزبەری بکات، لە زۆر کاتدا کەڵک لە دووپاتکردنەوەی سەروا وەردەگرێت، واتە لە وەبیرهێنانەوەی

7. Music

وشـەکانی هاوئاهەنـگ و یەکدەسـتدا (کدکنـی، ١٣٧٦: ٨٤). منـداڵان لـە سـەروا، دووبارەکردنـەوە کـە لـە تایبەتمەندییەکانـی بەرچاوی قۆناغـی منداڵیـن، چێـژ وەردەگـرن. کاتێـک چیـرۆک بـۆ منـداڵان دەگێڕنـەوە، ئـەوان داواکاری دووبارەکردنـەوەی وردی مۆسـیقاکان، ڕیتمـەکان، وەسـتان و جـۆری وتنـن کـە پێشـتر بیسـتوویانە (Morag, ٢٠١٨: ١٣). لـە کتێبـی منـداڵ و ژینگـەدا شـاعیر لـە چەنـد شـیعرێکیدا تـا ڕادەیـەک لـە چـاو بەرهەمەکانـی دیکـە سـەرکەوتووانە کاری کـردووە و توانیویـە ڕیتـم و مۆسـیقای شـیعریی بەرهەمەکانـی بپارێزێـت؛ بـۆ نموونـە، لـەم شـیعرەی خـوارەوەدا شـاعیر ڕیتـم و مۆسـیقای شـیعریی بەرهەمەکـەی پاراسـتووە و بوونـی ئـەم چەمکـەش بـۆ منـداڵان چێژبەخشـە.

لە سەیران و لە گەشتا    لە گـرد و دۆڵ و دەشتـا
بابە و دایـە و خزمـانم    لەگەڵ گشت هاوڕێکانم

(بەرزنجی: ٥١)

لـە کتێبـی هۆنـراوەی ژینگەییـدا چەمکـی ڕیتـم و مۆسـیقای زمانـی پارێـزراوە، هەرچەنـد بـە بـەراورد لەگـەڵ کتێبـی منـداڵ و ژینگـە، لایەنـی ڕیتـم و مۆسـیقاییەکەی لاوازتـرە، بـەڵام توانیویـە بـە هەندێـک لـە شیعرەکانی ئـەم ڕەنـگ و ڕواڵەتـە ببەخشـێت؛ وەکـوو ئـەم دوو دێـڕە لـە شـیعری «باخچـەی ساوایان»دا کـە دەڵێـت:

منداڵێـکم بچـکۆلە    وەکوو بەرخی نەرمۆڵە
من لەگەڵ هاوڕێیانم    لە باخچەی ساوایانم

(خامۆش: ٣٧)

بـە لەبـەر چاوگرتنـی ئـەوەی سـێ بنەمـای سـەرەکی لـە شـیعری منداڵانـدا، ڕیتـم و خەیـاڵ و دروسـتکردنی پرسـیارە، بێگومـان بـە لابردنـی کێـش و مۆسـیقا لـە شـیعری منداڵانـدا، تایبەتمەندیـی دەنگیـی بەرهەمەکـە، کـە یەکێکـە لـە گرینگتریـن پێوەرەکانـی شـیعری منـداڵان، لەنـاو دەچێـت و بەجۆرێـک منـداڵ لـەو چێـژە بـەدوور دەبێـت (جلالـی، ١٣٨٩: ٨١). کەوایـە، بوونـی مۆسـیقا لـە شـیعری منداڵانـدا و کەڵکوەرگرتنـی شـیاو لـە کێـش و سـەروا گرینگـە و ئـەم گرینگایـەش لەمێـژە لـە ڕێگای «لایەلایەکان»ـەوەو، کـە لـە لایەن دایکانـەوە بـۆ هێوربوونـەوە و حەوانـەی منـداڵان دەوتـران، بـە مۆسـیقایەکی نـەرم

و خۆشـەوە پێوەندییەکـی عاتیفیـی لـە نێـوان دایـک و منداڵـدا دروسـت دەکـرد و هێوریـی پێ‌دەبەخشـی (حجـازی، ۱۳۷۹: ۱۸۸). گرینگایەتـی و پێویسـتیی مۆسـیقایەکی بـاش لـە زمانـی شـیعریی منداڵانـدا، ڕاسـتییەکی حاشاهەڵنەگرە. تـەواوی هۆنـراوەکان و ئاهەنگـی دایـکان بـۆ پەروەردەکردنـی زەینـی منـداڵان، تەنانـەت لـە قۆناغـی کۆرپەلەییـدا، ئـەم ڕاسـتییە پیشـان دەدات کـە مۆسـیقا و زەیـن و هـۆش و ئـاوەزی مۆسـیقایی لەگـەڵ سرشـتی ئـەو شـیرەخۆر و منداڵـە تێکەڵـە. کەوایـە، ئەمـە پێویسـتیی بەکارهێنانـی ڕەگـەزە مۆسـیقاییەکان دەسـەلمێنێت و ئەبـێ تـا ڕادەی پێویسـت لـە دەقـی شـیعریی منداڵانـدا کەڵـک لـە مۆسـیقای شـیعری وەربگیردرێـت. هـەر بـەو جـۆرەی هێماخـوازەکان لەسـەر ئـەو بڕوایـەن، ئەرکـی سـەرەکیی زمـان لـە شـیعری منداڵانـدا خولقاندنـی گـوڕ و تینـە و ئەمـەش تەنیـا لـە مۆسـیقادا بەدی‌دەکرێـت (مدنـی و خـسروی، ۱۳۸۸: ۱۰۴).

## ٥- دەستکەوتی لێکۆڵینەوە

ئـەم زانیارییانـە تایبەتـن بـە نموونـە پێوەکانـی شـیعری منـداڵان کـە بریتیـن لـە: زمانـی شـیعری، چەمکـی خەیـاڵ، هێـما، ئامۆژگاریـی ڕاسـتەوخۆ، ڕیتـم و مۆسـیقا و کونجکاویـی منداڵانـە، کـە تایبـەت بـوو بـە هـەردوو کتێـب و وەک نموونـەی هۆنـراوەی شـیعری لەبـەر دەسـتی ئێمـەدا بـووە. لـە کتێبـی منـداڵ و ژینگـەدا لـە کـۆی ۲۷۱ دێـڕ، ۹۲ دێـڕی زمانـی شـیعریی ڕەچـاو نەکـراوە کـە ئـەم ڕێژەیـە لـە کتێبـی هۆنـراوەی ژینگەییـدا ٤٦ دێـڕ بـووە کـە دەتوانیـن بێژیـن بڵێیـن ئـەم کتێبـە بـە نیسـبەت کتێبـی منـداڵ و ژینگـە زیاتـر سـەرکەوتوو بـووە. لـە هـەردوو کتێبـدا هیـچ جـۆرە چەمکێکـی خەیـاڵاوی بـەدی ناکەیـن و ڕێـژەی بەکارهێنانـی هەردووکیـان سـیفرە. لـە ٣٤ دێـڕی کتێبـی منـداڵ و ژینگـەدا وشـە و دەستەوەشـەی هێماییـن بـەدی دەکەیـن و ئـەم ڕێژەیـە لـە کتێبـی هۆنـراوەی ژینگەییـدا ٤٣یـە. نەبوونـی ئامۆژگاریـی ڕاسـتەوخۆ یەکێکـی دیکـە لـەو پێوەرانـە بـوو لـەم توێژینەوەدایـە کـە کتێبـی منـداڵ و ژینگـە بـە ٤٥ دێـڕ و هۆنـراوەی ژینگەیـی بـە سـێ دێـڕ ئـەم خاڵەیـان ڕەچـاو نەکـردووە؛ بـەڵام لـەم بەشـەدا کتێبـی هۆنـراوەی ژینگەیـی سـەرکەوتووتر بـووە. بوونـی ڕیتـم و مۆسـیقا

لە كتێبی منداڵ و ژینگەدا شەش شیعر بووە كە ئەم ڕێژەیە لە كتێبی هۆنراوەی ژینگەییدا گەیشتووەتە حەوت شیعر كە ڕیتم و مۆسیقاییەكی شیعرییانەی نەبووە. بنەمای كۆتایی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا نەبوونی چەمك و واتای كونجكاویی منداڵانەیە كە كتێبی منداڵ و ژینگە ٤٤ دێڕ و كتێبی هۆنراوەی ژینگەیی ٥٢ دێڕ بووە كە ئەو تایبەتمەندییەیان نەبووە.


**خشتەی ژمارە ١: كتێبی منداڵ و ژینگە**

| سەردێڕ | زۆری | زۆرینەی لە سەد |
|---|---|---|
| كۆی دێڕەكان | 271 | 100 |
| زمانی شیعری | 92 | 18.7 |
| چەمكی خەیاڵ | 0 | 0.0 |
| ڕەمز و هێما | 34 | 6.9 |
| ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ | 45 | 9.1 |
| ڕیتم و مۆسیقا | 6 | 1.2 |
| كونجكاویی منداڵانە | 44 | 8.9 |


**خشتەی ژمارە ٢: كتێبی هۆنراوەی ژینگەیی**

| سەردێڕ | زۆری | زۆرینەی لە سەد |
|---|---|---|
| كۆی دێڕەكان | 271 | 100 |
| زمانی شیعری | 92 | 18.7 |
| چەمكی خەیاڵ | 0 | 0.0 |
| ڕەمز و هێما | 34 | 6.9 |
| ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ | 45 | 9.1 |
| ڕیتم و مۆسیقا | 6 | 1.2 |
| كونجكاویی منداڵانە | 44 | 8.9 |

کتێبی منداڵ و ژینگە




کتێبی هۆنراوەی ژینگەیی



**١- ئەنجام**

سەرەتای نووسینی تایبەت بە چەمکی منداڵ لە زمانی کوردیدا مێژوویەکی زیاتر لە ٣٠٠ ساڵی هەیە؛ ئەو کاتەی ئەحمەدی خانی بە نووسینی نووبەهارا بچووکا چەمکی گرینگی‌دان بە منداڵی هێنایە ڕۆژەڤەوە. مێژوویەک دەستپێکی بە بەرهەمی ئایینییەوە سەری‌هەڵدا، بەپێی واتا و پێناسەیەکی ئەمڕۆیانە لە ئەدەبی منداڵاندا دەکرێت، وەک بەرهەمێکی بەڕۆژی منداڵانە چاوی لێ‌بکەین. بەم پێیە مێژووی ئەدەبی کوردیی منداڵان بەپێی بنەمایەکی سەردەمییانە زۆر کەمترە و هێشتا کاڵ‌وکرچ و نەکوڵاوە. بە خوێندنەوەی دوو بەرهەمی هۆنراوەیی منداڵانە و هەڵسەنگاندنیان بەپێی پێوەر و بنەماکانی شیعری منداڵان، بۆمان دەرکەوت زۆربەی شیعرەکانی ئەم دوو بەرهەمە لە حەز و خولیایەکی تایبەتی منداڵانەوە سەرچاوەیان نەگرتووە و زیاتر بۆچوون و دەقێکی گەورەساڵانەن کە داڵغەکانیان بەسەر دەقێکی منداڵانەدا سەپاندووە. لەم توێژینەوەیەدا نووسەر بەپێی شیکاریی ڕەخنەیی دەق هەردوو بەرهەمی هەڵسەنگاندووە. هەردوو کتێب بەری‌بوون لە بوونی خەیاڵ و فەنتازیای منداڵانە و چێژبەخش و پڕبوون لە درکە، هێما و ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ کە دوورە لە خەیاڵ، حەز و تاقەت و جیهانبینیی منداڵانە. لێرەدا پێویستە نووسەر و شاعیری منداڵان پێش بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە بەرهەمێکی تایبەت بە منداڵان کۆمەڵێک خوێندنەوەی لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی منداڵان، دەروونناسیی منداڵان و بە گشتی گوتاری منداڵاندا هەبێت و بەر لە هەموو شتێک، هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات. نەبوونی ڕەخنەیەکی جیددی لە بواری ئەدەبیی منداڵاندا و گەشەنەکردنی ئەم بەشە، هۆکارێک بووە بۆ بەلاڕێداچوونی ئەدەبی منداڵان و نەبوونی ڕەنگدانەوەیەکی باش لەسەر کەسایەتی و ڕەوشتی منداڵان. چالاک‌بوونی ناوەند و ڕێکخراوەی تایبەت بە لێکدانەوەی بەرهەمی منداڵانە، وەک پێویستییەکی گرینگی ئەم بوارە دێتە ئەژمار کە تا ئێستا لە زمانی کوردیدا ئەم بۆشاییە پڕ نەبووەتەوە و کاری لەسەر نەکراوە.

**سەرچاوەکان:**

**کوردی:**

چایچی، سیمین (١٣٩٧). *ئەدەبی منداڵان لە زمانی کوردیدا و کێشەی چەندایەتی و چۆنایەتی*. سنە: ماد.

حەمە ڕەشید بەرزنجی، عەلی (٢٠٢١). *منداڵ و ژینگە*. سلێمانی: ڕێکخراوی ئایندە بۆ پاراستنی ژینگە.

خامۆش، ڕۆستەم (٢٠٢١). *هۆنراوەی ژینگەیی*. سلێمانی: ڕێکخراوی ئایندە بۆ پاراستنی ژینگە.

زانستگای کوردستان (٢٠١٠). *کۆمەڵە وتاری یەکەمین کۆڕی نێونەتەوەیی ئەدەبی کوردی*، بەرگی یەکەم: سنە.

شەبانی، ئەحمەد (١٣٩٩). »شیعری منداڵان بە کەیفی گەورەساڵان: خوێندنەوەی شیعری کوردیی منداڵان لە کوردستانی ئێراندا«. *پژوهشنامه ادبیات کردی*. دەورە. ٦، ژ. ١ (٩)، لل. ٥٩-٧٤.

فەرهادی، حەمەساڵح (٢٠١٠ ). *لەبارەی ئەدەبی منداڵانەوە*. سنە: زانکۆی کوردستان.

فەللاح، شەریف (١٣٩٧). *دەلاقە*. سنە: ماد.

یەکێتی نووسەرانی کوردستان (٢٠١٣). *چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەدەبی منداڵان*: سلێمانی.

**فارسی:**

ابراهیمی، جعفر (۱۳۸۹). *ادبیات کودک و نوجوان ( شناسایی، ارزشیابی و ارزشگذاری)*. تهران: شرکت چاپ و نشر کتابهای درسی ایران.

پاکزاد، مهری و همکاران (۱۳۹۵). *نگاهی به ادبیات شفاهی و مکتوب کردی*. بوکان.

جلالی، مریم (۱۳۸۹). »اوزان شعر فارسی در شعر کودک«. *کتاب ماه کودک و نوجوان*. ش. ۱۵۹ صص. ۷۹-۸۲.

حجازی، بنفشه (۱۳۷۹). *ادبیات کودک و نوجوان*. تهران: مرکز، چاپ سوم.

رندلز، کیمبرلی )۱۳۹٤). *ادبیات کودک*. تهران: افق.

شکوهی، غلامحسین (۱۳۹۹). *تعلیم و تربیت و مراحل آن*. مشهد: آستان قدس رضوی.

قزل ایاغ، ثریا (۱۳۹۳). *ادبیات کودکان و نوجوانان و ترویج خواندن*. تهران: سمت.

کدکنی، شفیعی (۱۳۷٦). *موسیقی شعر*. تهران: آگاه، چاپ پنجم.

کریمی، یوسف (۱۳۹۹). *روانشناسی اجتماعی*. : نظریه‌ها و مفاهیم و کاربردها، تهران: ارسباران.

مدنی، داوود و خسروی، شکیب (۱۳۸۸). »نشانه‌شناسی زبان در شعر کودک«. *فصلنامه تخصصی ادبیات فارسی*، دانشگاه آزاد اسلامی، ش. ۲۳، صص. ۱۰۳-۱۰۲.

Huck, Charlotte (1997). *Childrens Lit. In the Elementary School. 6* th ed. McGraw-Hill.

Editorial board, *International Research in Children›*s Literature. (2013( V. 6, P. 127-142.

Styles, Morag (2018). *The Case for Children’s Poetry.* Publishers. University of Cambridge.